لیستی ئاینده (108) دەستگیرکردنی کاندیدێکی خۆی لەلایەن پارتییەوە رادەگەیەنێت

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان
هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان

کاتژمێر 9:30 ی شەوی رابردوو لەکاتێکدا (زانا شیروانی) کە کاندیدێکی سەربەخۆی لیستەکەمانە لەجادەی کۆنەفرۆشان لەشاری هەولێر لەگەڵ چەند گەنجێک رادەوەستێت چەند کەسێک بەجلی مەدەنی بەبێ بڕیاری دادوەر پەلاماری دەدەنء دەستگیریی دەکەن، دواتر یەکسەر دەیبەنە لای دادوەرو ئەویش فەرمانی زیندانیکردنی بۆ دەردەکاتء دەگوازرێتەوە بۆ زیندانی مەحەتە ئاشکرایە کە لەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردندا پارتی بەهەمان شێوە کە دواتر ناسران چەکداری ئەوانە بەجلی مەدەنییەوە پەلاماری (د.کەمال سەید قادر)ی کاندیدی سەر لیستەکەمانیانداء دوای لێدانء بریندارکردنء هەڕەشە لێکردنی ناچارییان کرد کە لەسەر لیستەکەمان بکشێتەوە
چەند رۆژێک لەمەوپێشیشی لەرێگەی روونکردنەوەیەکەوە بۆ رای گشتی کوردستان ئاشکرامان کردبوو کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی لەیەکێک لەکۆبوونەوەکانیاندا دوای ئەوەی مەترسی خۆیان لەدەنگی لیستەکەمان نیشانداوە، بڕیاریشیانداوە کە بۆ رێگرتن لەمە فشار بخەنە سەر کاندیدەکانمان، دیارە دەستگیرکردنی (زانا شێروانی) کاندیدی لیستەکەمان لەچوارچێوەی ئەم بڕیارەوە هاتووە، ئێمە لەکاتێکدا دەستگیرکردنی زانا شیروانی کاندیدی لیستەکەمان کە پێچەوانەی هەموو یاساو رێساکانی هەڵبژاردنە مەحکوم دەکەین لەهەمانکاتدا داوا لە سەرکردایەتی پارتی دەکەین کە دەست لەم جۆرە رەفتارانە هەڵگرێء هەرچی زووە زانا شیروانی ئازاد بکاتء چیتریش بەربەست لەبەردەم بانگەشەی هەڵبژاردنء هەڵمەتی کاندیدەکانمان دانەنێت

قادر عەزیز
سەرۆکی لیستی ئاینده 108

10/9/2013